# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق
## پەڕەی ڕاستییەکان #٥
## سکاڵا و تیاهەڵچوونەوە

### سکاڵای هەڵبژاردن چییە؟

تۆمەت دەربارەی نادروستی هەڵبژاردن و سەرپێچییەکانی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان لەوانەیە دروست ببێت لە میانەی پرۆسەی هەڵبژاردندا. لەوانەیە ئەو تۆمەتانە دەربارەی ئەمانە بێت: کاندید و تۆماری دەنگدەران و هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن و دەنگدان و هەژمارکردنی دەنگەکان و تۆمارکردنیان لە خشتەکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکان. تاکەکان یان لایەنە سیاسییەکان کە مافەکانی هەڵبژاردنیان لێ زەوتکراوە یان سنوردارکراوە یان سەرپێچییان بەرامبەر کراوە دەبێ مافی ئەوەیان هەبێت کە سکاڵا تۆماربکەن بۆ قەرەبوکردنەوەیان. مافی تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی نادروستی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستگەیشتن بە قەرەبوی یاسایی بریتین لە بنەمای زۆر گرنگ بۆ دڵنیابوون لە پاکی و بێگەردیی هەڵبژاردنەکان.

### ئایا دەتوانی سکاڵای هەڵبژاردن پێشکەش بکەیت دەربارەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران؟

بەڵێ، دەتوانی سکاڵا لەهەموو قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردندا پێشکەش بکەیت – لە چوارچێوەی ماوەی دیاریکراو و بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردن.

### کام دەزگا ماف و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە بڕیار لەسەر سکاڵاکانی هەڵبژاردن بدات؟

بەپێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەستەی کۆمیساران دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردن کە لەئەنجامی ئامادەسازیی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنە نیشتیمانییەکان دێنە کایەوە. پرۆسەی یەکلایی کردنەوەی سکاڵاکان بە گوێرەی ڕێنمایی و ڕێکارەکانی سکاڵای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەبێت. لە هەمان کاتدا، کەیسە تاوانییەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن لەلایەن دەستەی کۆمیسارانەوە دەنێردرێن بۆ دەسەڵاتە (دادگا) پەیوەندیدارەکان.

### کێ دەتوانێ سکاڵا پێشکەش بکات؟

دەکرێ سکاڵاکان لەلایەن هەر دەنگدەرێکی شایستە یان بریکاری هەر پارتێکی سیاسیی یان هاوپەیمانییەتێك یان هەر کاندیدێکەوە تۆمار بکرێن. چاودێران ڕێگەیان پێنادرێت سکاڵا تۆماربکەن بکەن. بەڵام دەتوانن ڕاپۆرتەکانیان بنێرن بۆ ڕێکخراوەکانی خۆیان.

### چۆن دەتوانی سکاڵا پێشکەش بکەیت؟

ئەگەر کەسێك یان پارتێکی سیاسی لەوباوەڕەدابوو کە سەرپێچییەکی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە و دەیانەوێت سکاڵا تۆمار بکەن. ئەوا دەتوانن سکاڵایەك پێشکەش بکەن کە زانیاری پێویستی وەکو ناو و زانیاری پەیوەندیکردن بە سکاڵاکار و زانیاری تەواو دەربارەی ڕووداوەکەی تێدا نوسرابێت.

دەکرێ سکاڵا پێش ڕۆژی هەڵبژاردن پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکرێت لە ڕێگەی نوسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان یان لە ڕێگەی نوسینگەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان یان نوسینگەی نیستیمانی کۆمسیۆن لە

بەغدا. ئەگەر سکاڵاکە پەیوەندی بە تۆماری دەنگدەرانەوە هەبوو، ئەوا پێویستە سکاڵاکە ئاراستەی ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران بکرێت.

**کەی دەتوانی سکاڵا پێشکەش بکەیت؟**
سکاڵاکانی تۆماری دەنگدەران دەبێ لە ماوەی دوو ڕۆژ لە بەرواری ڕوودانی سەرپێچییەکە پێشکەش بکرێن.

هەر سکاڵایەک سەبارەت بە دەنگدان و هەژمارکردنی دەنگەکان لە ڕۆژی دەنگدان هەبێت ئەوا دەبێ لە ماوەی دوو ڕۆژدا پێشکەش بکرێت. ئەو ماوەیە لە کاتژمێری یەکەمی دەنگدانەوە دەستپێدەکات و لە کاتژمێری کۆتایی ڕۆژی فەرمی دووەمدا کۆتایی دێت.

سکاڵاکانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی هەر کاتێکدا لە ڕۆژی ڕوودانی سەرپێچییەکەوە تا ڕۆژی کۆتایی لە ماوەی دیاریکراوی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەتوانرێ پێشکەش بکرێت.

هەر سکاڵایەك دەربارەی تۆماری کاندیدەکان هەبێت دەبێ لە نێوان ڕۆژی سەرپێچییەکە و ڕۆژی کۆتایی ڕەزامەندیدان لەسەر لیستی کاندیدەکان پێشکەش بکرێت.

**ئایا سکاڵاکان چۆن کاریان لەسەر دەکرێت؟**
هەموو سکاڵاکان دەگوازرێنەوە بۆ نوسینگەی نیشتیمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و پاشان پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت و بڕیاریان لەسەر دەدرێت لەلایەن دەستەی کۆمیسارانەوە.

سەبارەت بە سکاڵای پەیوەندیدار بە ڕۆژی هەڵبژاردنەوە، ئەنجومەنەکانی پۆلێنکردن کە لە ئەندامێکی دەستەی کۆمیساران و کارمەندێکی بەشی سکاڵا و تیاهەڵچوونەوەی نوسینگەی نیشتیمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێك دێت بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە ئاخۆ سکاڵاکە مەرجە فەرمییەکانی تێدایە یان نا. ئەگەر مەرجەکانی تێدابوو، ئەوا لەوانەیە کاریگەری لەسەر هەژمارکدنی دەنگەکان دەبێت لە حاڵەتی ساختەکاریدا. ئەم کەیسانە بە شێوەی لە پێشینە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**ئایا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات؟**
بەڵێ. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات ئەگەر پێویست بوو. بۆ نمونە سندوقی دەنگدان دەپشکنێت یانیش داوای زانیاری زیاتر دەکات لە سکاڵاکار یان لە شاهێدەکان. ئینجا لە دوای هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڕیار لەسەر ئەنجامی سکاڵاکان دەدات.

بۆ سکاڵای پەیوەست بە ڕۆژی هەڵبژاردن، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەوانەیە فەرمان بکات بە کەرەنتینکردنی کاخەزی دەنگدانت دیاریکراو یان ناوەندێکی دەنگدانی دیاریکراو تاکو ئەوکاتەی کە ئەنجامی سکاڵاکە یەکلایی دەکرێتەوە.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەشێوەیەکی ئاسایی، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە کار لەسەر نادروستیی هەڵبژاردن بکات و قەرەبوی لایەنی زیان لێکەوتووش بکاتەوە.

**سکاڵاکان چۆن قەرەبوودەکرێنەوە لەلایەن دەستەی کۆمیسارانەوە؟**

بۆ قەرەبوکردنەوەی نادروستی، دەستەی کۆمیساران دەتوانێ سزای دارایی بسەپێنێ یان حاڵەتەکە بگەڕێنێتەوە بارودۆخی پێش ڕوودانی سەرپێچییەکە یان ڕەزامەندی هاوپەیمانێتییەکە یان پارتە سیاسییەکە یان کاندیدەکە هەڵبوەشێنێتەوە یان بڕوانامەی ڕێگەپێدانی بریکاری پارتە سیاسییەکە هەڵبوەشێنێتەوە یان ڕێگەپێدانی چاودێر یان ڕەزامەندی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکەی چاودێرەکە هەڵبوەشێنێتەوە یان دەنگەکانی کە بەو کاندیدەی سکاڵای لەدژ تۆمارکراوە بسڕێتەوە یان ڕێگە بە کاندیدەکە نەدات کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بەشداری بکات. یانیش دەنگەگان دووبارە بژمێردرێنەوە.

دەستەی کۆمیساران دەتوانێ سزای بەرزەفتاکری بسەپێنێ ئەگەر سکاڵاکە پەیوەندی هەبوو بە هەر کەسێك کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دامەزرابێت و داوا لە وەزارەتی پەیوەندیدار بکات کە ڕێکاری یاسایی پێویست بگرێتەبەر ئەگەر سکاڵاکە لە دژی کارمەندانی ئەو وەزارەتە بوو.

**ئایا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەرەنجامی سکاڵاکە بە سکاڵاکار ڕادەگەیەنێت؟**

بەڵێ. بڕیارەکانی دەستەی کۆمیساران لەسەر وێبسایتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە زمانی عەرەبی و کوردی بڵاودەکرێنەوە لە ماوەی سێ ڕۆژ لە دەرچوونی بڕیارەکاندا.

**داواکاری تیاهەڵچوونەوە چییە؟**

داواکاری تیاهەڵچوونەوە بریتییە لە پەیوەندیکردنێکی فەرمی کە پێشکەش بە لایەنێکی دەسەڵاتدار دەکرێت بە مەبەستی تیاهەڵچوونەوە بە بڕیارێکی پێشوتر کە لەلایەن دەستەیەکی دەسەڵاتداری هەڵبژاردنەوە دەرچووە.

**ئایا دەکرێ داوای تیاهەڵچوونەوە بە بڕیارەکانی دەستەی کۆمیساران بکرێت؟**

بەڵێ. دەکرێ داوای تیاهەڵچوونەوە بە بڕیارەکانی دەستەی کۆمیساران بکرێت لە پانێڵی دادوەریی هەڵبژاردندا کە پێك دێت لە سێ دادوەر. بۆ ئەم مەبەستە، کەسەکان و پارتە سیاسییەکان دەتوانن داوی تیاهەڵچوونەوە بە بڕیارەکانی دەستەی کۆمیساران بکەن لە ماوەی سێ ڕۆژ دوای دەرچوونی بڕیارەکان. دەکرێ داواکاری تیاهەڵچوونەوە پێشکەش بە نوسینگەی نیشتیمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان یان نوسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان یان نوسینگەی هەڵبژاردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان بکرێت یانیش بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ پێشکەش بە پانێڵی دادوەریی هەڵبژاردن بکرێت.

دەستەی کۆمیساران پابەندە بە وەڵامدانەوەی داواکاری و پرسیارەکانی پانێڵی دادوەریی هەڵبژاردن دەربارەی داواکارییەکانی تیاهەڵچوونەوە لە ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە حەفت ڕۆژ لە بەرواری وەرگرتنی داواکارییەکە. پێویستە پانێڵی دادوەریی هەڵبژاردن لەماوەی ١٠ ڕۆژ لە بەرواری وەرگرتنی وەڵامی دەستەی کۆمیساران بڕیار لەسەر ئەنجامی تیاهەڵچوونەوەکە بدات.

بڕیارەکانی پانێڵی دادوەریی هەڵبژاردن کۆتایین و دەبێ پێوەی پابەندبن.